# شاعیرەکانمان چۆن باسی نالی دەکەن

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

١- فەنایی دەڵێ (١):

**هەر چەندە هەموو باسی کوڕە جوابی (حەریق)یش**
**هەر چاترە لەو باسە کە ڕوویداوە لە (ناڵی)ی** ١٩٩

حەزرەتی نالی قەسیدەیەکی (١٧) دێڕی بەناوبانگی هەیە، موڕەددەفە، واتە پاش سەروای هەیە، ئەویش کچە. (حەریق)یش قەسیدەکی (١٩) دێڕی هەیە پاش سەرواکەی کوڕە، فەنایی لەو دێڕەیدا باس لەو دوو قەسیدانە دەکا.

* دیسان دەڵێ:

**شەرعی قەڵەمی نالی و پێنووسی حەریقت**
**بۆ پیری خیرەد چاکە نەبۆ تۆ کە منداڵی** ١٩٩

ناوی نالی و حەریق، قەڵەم و پێنووس هاتووە.

* دیسان دەڵێ:

**ڕەحمەت لە حەریق نالی کە فەرمووی چی یە ناڵی**
**بێهودە بە زولفی کەچی کچ شیفتە حاڵی** ١٩٩

دیارە فەنایی لەبری نالی، (ناڵی) دەنووسێ

٢- شێخ ئەنوەر بەرزنجی دەڵێ (٢):

**بە مەدحی تاهری و هیجری بە حەمدی و مەولەوی نالی**
**بە شێخی عالمی ڕازی، ڕەزای دەوران و هیرانی** ١٠٩

لە قەسیدەی (شیوەنێک بۆ حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی)، شێخ ئەنوەر ناوی دەیان کەسایەتی ئایینی، زانستی، فەلسەفی، ئەدیب و شاعیری تۆمار کردووە. هەر لەو دێڕەی ناوی (٧) شاعیری کورد و زانا و پزیشکی ناوداری ئیسلامی دەورکردووەتەوە.

٣- حەیدەری دەڵێ (٣):

**شەشەم بۆ مەللا خدری شارەزووری**
**کە (نالی) شوهرەتی بوو هەر لە شیعری ۲۰۹**

(مێژووی بنەماڵەی حەیدەرییان لە هەریر و ماوەران بە شیعر)، کە (۲۹۹) دێڕە شیعرە. خاڵی شەشەمی بۆ مەلا خدری شارەزووری تەرخان کردییە. کە نالی خۆیەتی. دەشڵێ: وەکوو بیستوومە نالی لە حوجرەی مزگەوتەکانی ماوەراندا خوێندوویەتی.

**هەیە لە ماوەران تەحصیلی نالی**
**وەکوو بیستوومە بەعزێ لە مەقالی ۲۰۹**

٤- ڕەمزی دەڵێ (٤):

**لە شارێکا کە نالی و حاجی قادر، سالم و کوردی**
**کە خاوەن تاج و تەختی موڵکی دانش بوون و مەعنازان ۱۹٦**

لەنیوە دێڕی یەکەم، ناوی چوار شاعیر هاتووە و نالی سەردەستەیانە، کە بەڕاستی خاوەنی تاج و تەخت، زانست و زانیاری و مەعنازان بوون.

* دیسان دەڵێ:

**لە ئیعجازی زمانی خامەکەی نالی نەدوێی زینهار**
**کە ڕەوشەنتر لە تیشکی ڕۆژە دەستی مووسا و عومران**
**۱۹٦**

ئیعجاز، موعجیزە: شتێک ئەوەندە قورس و گران بێت ئادەمیزاد بۆی نەکرێ، کارێک کردنی لە عەقڵ و ئاسایی بەدەربێ. کار و کرداری باری تەعالا و پێغەمبەرەکان (د. خ). زینهار: ئەمان، مۆڵەت، زەمان و زامنی.

مووسا: حەزرەتی مووسا (د.خ). عومران: ناوی باوکی حەزرەتی مووسایە (د. خ)، ئالعومران: ناوی سوورەتێکە لە قورئانی پیرۆز.

٥- هەوری دەڵێ (٥):

**سەد وەکوو نالی و کوردی وەسفی تۆی بۆ ناکرێ**
**قوڕ بەسەر (هەوری) کەوا سەوداسەری دەرد**



**نالی**

**و خەمە ۲۸۱**

ئەگەر سەتی وەکوو نالی و کوردی نەتوانن وەسفی تۆ بکەن، قوڕ بەسەر هەوری، ئەمن چم پێ دەکرێ!

سەوداسەر: عاشق، شەیدای عیشق، خەیاڵاوی، گێژ و وێژ.

* دیسان دەڵێ:

**لە دەوری خۆی چ ئوستادێکی کەم وێنە و بلیمەت بوو**
**لە دەرگای کەوتبوو هەردەم هەزارانی وەکوو نالی ۳۲٦**

پارچە شیعری (سەرچاوەی عیلم و زانست) کە (۷) دێڕە، هەوری باس لە عیلم و زانستی ئیمامی غەزالی دەکا. ناوی بەرهەمە بە ناوبانگەکەشی نووسیوە (احیاء علوم الدین).

* دیسان دەڵێ:

**یار بە لەنجە تێپەڕی جەرگی سووتانم وەک تەننوور**
**شۆخ و شەنگ و نازەنینە گەردنی چەشنی بلوور**
**وەسفی جوانی زۆر مەحاڵە سەد وەکوو (نالی) دەوێ**
**پرچی زەرد و کوڵمی ئاڵ و لێوی وەک گوڵناری**

**سوور ٤٩٥**

هەوری لەو چوارینەیدا، خۆی وەسفێکی خۆشەویستەکەی کردییە، لۆ ئەوەی گلەیی لێ نەکرێ دەڵێ: قسە لەسەر ئەو یارە چەندانی وەکوو (نالی)ی شارەزای دەوێ، واتە: ئەوانەی من هیچ.

٦- ڕاجی دەڵێ (٦):

**(نالی)ی ناڵەی دێ لە گۆڕ و (حەمدی)ی دڵخۆشی ئەدا**

**وەک (مەلای کۆیە) بەرامبەر (حاجی قادری)ی گۆڕقەرەج ١٠٨**

لە نیوە دێڕی یەکەم، ناوی نالی و حەمدی هاتووە، لە نیوە دێڕی دووەم، پاش و پێش بە مەلای کۆیێ و حاجی کراوە. هاتنی ناوەکان ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە نالی و حاجی لە غەریبی وەفاتیان کردووە و حەمدی و مەلای گەورەش لە کوردستان.

٧- کاکەی فەلاح دەڵێ (٧):

**لەو ڕۆژەوە هەوری چاوی**

**هەردوو چامەی نالی و سالم**

**لەم وڵاتی شارەزوورە ٣١٩**

کاکەی فەلاح باسی هەدوو چامەکەی نالی و سالم دەکا.

* دیسان دەڵێ:

**جاران (نالی)**

**بۆ (حەبیبە) و**

**بۆ (خاک و خۆڵ) شیعری ئەوت ٣٦٠**

ناوی نالی و هەردوو خۆشەویستەکەی هاتووە، یەکەم حەبیبەی و ئەوی تریان زێدی لە دایک بوونیەتی! ئەگەر هەبن! لە نووسینێکمدا وتوومە: نالی لە دنیای ئەفراندن و داهێناندا ئەوەندە گەورەیە بووەتە ئەفسانە. بە من لەو لایەنە زۆر بە شکسپیری ئینگلیزی دەچێ.

٨- مەلا عەلی تووتاقاجی دەڵێ (٨):

**ئەو نیشانە دڵ کە تۆ هەڵت دا**

**هەر یادت ئەکرد لە نالی ئەکا ٤٣**

مەلا عەلی لە نامیلکە شیعرییەکەیدا ناوی نالی هێناوە.

٩- حەسیب قەرەداخی دەڵێ (٩):

**کۆچێکی ڕەش پۆش**

**کۆچی نالی**

**- لەسەر حەوزەکەی خانەقا دەست نوێژ ئەگرن**

**مەلایەکی تر پێش نوێژە**

**سەد و چل ساڵێک لەمەوبەر**

**مەلا خدر،**

**عەبایەکی دا بەشاندا و لە ژوورەکەی هاتە دەرێ ١٥٤ تا ١٦٠ ب١**

لەو قەسیدە درێژەدا بەدەیان جار ناوی نالی هاتووە، ئەوەندە جارەش لە هەردوو بەرگەکان ناوی هاتووە:

(بەرگی یەکەم): ١٢٢، ١٢٣، ١٢٨، ٢٧٥، ٣٣٨، ٣٧٤، ٤١٥، ٤١٧، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٢٩.

(بەرگی دووەم): ٤٠، ٧٨، ٨١، ١١٠، ١٢٦، ١٣٦، ١٥١، ١٥٢، ١٥٧، ٣١٨، ٣٧٨، بۆیە بە پێویستمان زانی دووبارەی بکەمەوە. (١٠)

قەسیدەی: پیرە مەگروون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا- بۆ یادی دوو سەد ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی پێشکێشە:

٩- دڵشاد مەریوانی دەڵێ (١١):

**ئینجا گەیییە بەر خانەقا**

**لە جێگەی حوجرەکەی (نالی)، ناڵەی ژانێکی لێ هەڵسا ٣٢٤**

* دیسان دەڵێ:

**ڕەز و باخی ژیانمان، سەروینە**

**لەوەتەی (نالی) ڕۆییوە، بۆن و بەرامەکەی بەهار**

**نەگەڕاوەتە ناو شار ٣٢٦**

* دیسان دەڵێ:

**داخۆ خەونەکە هەر ماوە**

**(نالی) دەگەڕێتە دواوە؟! ٣٢٧**

* دیسان دەڵێ:

**نە ئاسوودەکی و ڕزگاری ئینسان لەدەست زەبری ئینسان**

**(نالی) لە ئێوە زویرە**

**نەک هەر زویر، ! وەها تووڕەو وا شێتگیرە ٣٢٨**

* دیسان دەڵێ:

**نالی هەر دەگەڕێتەوە**

**نالی هەر دەگەڕێتەوە**

**نالی هەر دەگەڕێتەوە ٣٢٩**

* دیسان دەڵێ:

**(تۆپەرێتی)، لە چاوەڕوانی نالی دا**

**کوڕان و کچان:**

**زەنگی وڵاخی کاروانی بەهار**

**حەزرەتی (نالی)ی خستەوە گوفتار ٣٣٥**

* دیسان دەڵێ:

**لە پێناوی گەیینە (نالی)**

**ڕوح و دڵی بە قوربان ٣ ؟!**

* دیسان دەڵێ:

**نامەی حەبیبە دەگاتە ئەو حەزرەتەی کە (نالی)یە**

**لە نیوە شەوی دەیجوریٚ ٤ ؟! (*)**

**پەراوێزەکان:**

(١) فەنایی (دیوان)، مەلا عەبدوڵڵای کاتیب، ئامادە کردنی، عابد عبدالله مصطفى، چاپخانەی وەزارەتی کشت و کاڵ، هەولێر، ٢٠٠٦.

(٢) شێخ ئەنوەر بەرزنجی (دیوان)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی: شێخ سەربەست بەرزنجی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٩.

(٣) حەیدەری (دیوان)، ئامادەکردنی شێروان حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٤) ڕەمزی مەلا مارف (دیوان)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی کەمال ڕەمزی، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ کراوە، سلێمانی، ١٩٩٩.

(٥) هەوری (دیوان)، شێخ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

(٦) ڕاجی (دیوان)، عوسمان دەشتی (د)- ئیسماعیل ڕاجی ساغیان کردۆتەوە و ئامادەیان کردووە، لەسەر ئەرکی زانکۆی کۆیە لە چاپ دراوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

(٧) مەلا عەلی تووتاقاجی، کاڵای کوردستان، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٥.

(٨) کاکەی فەلاح (دیوان)، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی بنەماڵەی شاعیر، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٩) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم (سەرجەم شیعرەکانی)، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١٠) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، (سەرجەم شیعرەکانی)، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١١) دڵشاد مەریوانی، کۆ بەرهەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

(*) کاتی خۆی هەموو نموونە شیعرییەکانی (دڵشاد مەریوانی)م، لە نامیلکەکانی وەرگرتبوو، ئێستا لە کۆبەرهەمەکەم وەرگرتووە و ناچمەوە سەر ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو دوو دێڕە.

- بەشی یەکەمی ئەو باسە، تایبەت بوو بە حاجی قادری کۆیی، ڕامان، ژمارە (٢٠)، (١٩٩٨/٢/٥).

- بەشی دووەمی ئەو شاعیرانە بەشداربوون: سالم، مەلا وەسمان، ناری، حەریق، حەمدی، پیرەمێرد، کۆشکی، ناجی، خادیم، قانیع، کانی، سەفوەت، گۆران، ئەحمەد فەوزی، بەختیار زیوەر. ڕامان، ژمارە (٣٩) ٥/ ٩/ ١٩٩٩.

- بەشی سێیەمی ئەو شاعیرانە بەشداربوون: حەریق، ئەدەب، موجریم، زیوەر، سابری، تاهیر فوئاد، میهری، ئەسیری، جاهید، هەژار، دیلان، حەسیب قەرەداخی، محەمەد عوسمان سیراجوددین نەقشبەندی، هەرشەمی، قازی لەتیف، عەبدولواحید عینایەت، عەلی فەتتاح دزەیی، جگەر خوێن. ڕامان، ژمارە (١٣٠) ٥/ ٣/ ٢٠٠٨.